## له نائامادەیی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستاندا

# گروپی راچەنین میساقی شەرەفی كاری رۆژنامەنووسی له كوردستان دەنووسێتەوە.

ڕاپۆرت: ستیڤان شەمزینانی
Shamzini79@hotmail.com




مانگێك بەر له ئێستا گروپی (ڕاچەنین) ی رۆژنامەنووسی بۆ داكۆكیكردن لەمافەكانی رۆژنامەنووس و ئازادیی بیروڕا خۆی ڕاگەیاند، لەهەفتەی یەكەمی كارەكانیدا و لەرۆژی 2007/5/3 كە هاوكات رۆژی جیهانی ئازادیی رۆژنامەنووسییە، گروپەكە هەستا بەنمایشێكی ناڕازییانە لەپاركی نالی شاری سلێمانی كە زیاتر لە 150 رۆژنامەنووس بەشدارییان تیاكرد، دوابەدوای ئەم چالاكییە گروپی ڕاچەنین هەستا بەنووسینەوەی میساقی شەرەفی كاری رۆژنامەنووسی لەكوردستان كە ئەویش لەمیانەی كۆنفرانسێكەوە بوو كە بە بەشداریی 100 رۆژنامەنووس هەر چوار شارەكەی باشووری كوردستان گرێدرا.

ئاسۆ عەبدوللەتیف-ئەندامی گروپی ڕاچەنین كە خۆی میساقێكی تایبەتی نووسیبوو وتی: لەناو ئەو میساقەی كەمن نووسیبوو پرۆژەیەكی تێدایە بۆئەوەی رۆژنامەنووسانی كوردستان پشت ببەستن بە پڕەنسیپەكانی ناو میساقەكەو كاری پێ بكەن و چیتر بە یاسا كۆنەكان سزا نەدرێن و ئەوەندەش نەكەونە بەر سوكایەتی، هەرچەندە پرۆژەكەی من ڕەهانەبوو بەڵكو بابەتێك بوو بۆ دیالۆگ بەئاراستەی گوتارێكی میدیایی و رۆژنامەوانی ئازادو سەربەخۆ كە بیروڕای ئازادو جورئەت و پاراستنی ئەمانەتی رۆژنامەوانی لەخۆ بگرێت.

لەوەڵامی ئەو پرسیارەی كاتێك گروپەكەیان میساق دەنووسێتەوە، لاوازیی سەندیكا دەرناخات؟ ئاسۆ وتی: نەخێر، خۆم ئەندامی سەندیكای رۆژنامەمووسانی كوردستان و فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهانیم، بەڵام ئەم میساقە كۆمەڵە پڕەنسیپێكە لەدەرەوەی سەندیكای رۆژنامەنووسان تا رۆژنامەنووسان كاری لەسەر بكەن و وەك دیفاكتۆیەكیش دەسەلاْتەكانی تر و حكومەت و پەرلەمان بچنە ژێر باری و رێزی لێبگرن.

ئاسۆ عەبدوللەتیف-دەربارەی چالاكییەكانی تری گروپی ڕاچەنین دواو وتی: ئیشەكانی ترمان پارێزگاریكردن و بەرگریكردنە لەكەسایەتی مەعنەویی رۆژنامەنووس و سازكردنی كەمپین بۆ هەر كێشەیەك كە دێتە ڕێگەی، دەخوازین بەمیكانیزم و نەریتێكی نوێ بتوانین سنوورێك بۆ ئەو دەستدرێژییانە دابنێین كە دەكرێتە سەر رۆژنامەنووسان.

لەنموونەی دادگایی كردنی رۆژنامەنووس (ڕێبین تەها) كە بۆ ئەم مەبەستە سەردانی دادگای سلێمانی و حاكم قوبادمان كردووە بۆ بەدواداچوونی دۆسێیەكەی و بەنیازیشین بەدواداچوون بۆ كێشەی رۆژنامەمووس (محەمەد سیاسی ئەشكەنەیی) بكەین، هەروەها كاردەكەین

تاراچەنین وەك دامەزراوەیەکی مەدەنی بناسرێت.



بەهێز حسێن- ئەندامی گروپی ڕاچەنین و یەکێك لە ئامادەکارانی کۆنفرانسی نووسینەوەی میساقی شەرەف. وتی: یەکێك لە ئەرکەکانی گروپی ڕاچەنین، ئامادەکردنی میساقێکی کاری ڕۆژنامەنووسی بوو بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، چونکە هەستمان کردووە ناکرێت ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەبێ بوونی هیچ ئەتەکێت و میساقێکی ڕۆژنامەنووسی درێژە بەکارەکانیان بدەن، پێمان باشبوو سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بەم ئەرکە هەستایە، بەڵام گروپی راچەنین بەئەرکی خۆی زانی کە ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە، ئەوەبوو پاش ئامادەکردنی چەندان پرۆژەی میساق و سوود وەرگرتن لەمیساقی کاری ڕۆژنامەنووسانی ولاَتی ناوچەکە و جیهان و بەئامادەبوونی زیاتر لە سەد ڕۆژنامەنووس توانیمان میساقێکی سەرتاسەری کاری ڕۆژنامەنووسی ڕابگەیەنین، ئەم میساقەش بەرهەمی زیاتر لەشەش کاتژمێر گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەی ڕۆژنامەنووسان بوو لەکۆنفرانسی هەولێر کە ڕۆژنامەنووسان بەجیاوازیی ئینتیمایان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەشداریی جدییان تیادا کرد.

بەهێز حسێن- زیاتر باسی کارەکانی گروپی ڕاچەنین کرد و لەبەشێکی قسەکانیدا وتی: ڕاچەنین لەهەر لەحزەیەکی پێویسدا بۆ بەرگریی لەرۆژنامەنووسان و ئازادیی کاری ڕۆژنامەنووسی ئامادەیە. پرۆژەکانیشمان تێکەڵ بەکاری سەندیکای ڕۆژنامەنووسان نابێت بەڵکو هەوڵێك دەبێت لەپاڵ ئەواندا لەپێناو دەستەبەرکردنی ئازادیی کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستاندا.




بەهێز-باسی لەوەش کرد کە لەسەرەتاوە گروپەکەیان نەیویستووە بە بەردەوامی کاربکات بەڵام کەلێنەکانی سەندیکا وایکردووە درێژە بەخۆی بدات، بۆیە وتی: لەڕاگەیاندنی 2007/5/3 دا لەسلێمانی گروپی راچەنین رایگەیاند بەهۆی ئەوەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بۆ شاییەکی زۆری بەجێهشتووە و گرفتەکان و خەونەکانی ڕۆژنامەنووسانیش وەك خۆیان ماون بگرە زیادیشی کردووە، بۆیە بەپێویستیمانزانی هەتا گەیشتن بەمافەکانی ڕۆژنامەنووسان و نەهێشتنی توندوتیژیی لەسەریان و فەراهەمکردنی ئازادیی کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان راچەنین

درێژە بەکارەکانی خۆی بدات.

ئاسۆ عوسمان-یەکێتی ترە لەئەندامانی گروپی راچەنین و لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانسی میساقی شەرەف وتی: تا ئێستا رۆژنامەنووسانی کوردستان بێ بەرنامەو میساقی شەرەف کاریان کردووە، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە رۆژنامەنووسانی کوردیش چوارچێوەیەکی ئەخلاقی و پیشەیی بۆ خۆیان دیاری بکەن و رەنگی ئازادیی و سنووری کارەکانیانی تێدا دەستنیشان بکەن، میساقی شەرەف هەم ئیتیکی رۆژنامەنووسی دیاری دەکات هەم ماف و ئازادییەکانمان بەفەرمی دەپارێزێت، لەم ڕوانگەوە بوو ئێمە هەستمان بەگرنگی میساق کرد و بەهاوکاریی رێکخراوی ICSP ئەمەریکی لە کۆنفرانسێکی یەك رۆژەدا لە هەولێر چەندان پرۆژەی میساقمان دوای گفتوگۆ تێکەڵ کردو توانیمان یەك میساقی شەرەفی سەرتاسەری لە کوردستاندا دروست بکەین.



ئاسۆ ئاماژەشی کرد بەشێوەی کارکردنی راچەنین و وتی: شێوازی کارکردنی گروپی راچەنین شێوەیەکی تازەیەو هەوڵێکە بۆ فراوانترکردنی ئازادیی بیروڕا لەکوردستان و پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی تاکی رۆژنامەنووس، گروپەکەمان لەداهاتوودا بەرێگەو شێوەو میکانیزمی نوێ کار دەکات لەسەر ئەو دۆسیێیە بەتایبەتی دۆسێی پێشێلکردنی مافەکانی تاکی رۆژنامەنووس لەلایەن دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیسەوە.

فەرید زامدار-بەرپرسی لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان وتی: دیارە لە هەموو جیهانی ئەمرۆی وڵاتانی دیموکراسی کە ئازادیی‌و دیموکراسیەتیان تیا بەرقەرارە یاسا هەیە کە رێکخەری ئەم ئازادیی و دیموکراتیەتەیە، بەداخەوە لای ئێمە چەمکی ئازادیی و دیموکراتییەت تا ئێستا بەشێوەیەکی پێویست نەناسراوە. بۆیە دروستبوونی ئەو گروپانە لەدەرەوەی یاسایەکی دیاریکراوە، وەك هەموو لایەك دەزانین تاکە رێکخراوێك لە کوردستاندا هەبێت و مۆڵەتیشی لەسنووری یاسا وەرگرتبێت سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە بە هەموو لقەکانییەوە، من وەك خۆم سەرەڕای پشتگیریم بۆ ئازادیی ڕادەربڕین و بڵاوکردنەوە و خۆپیشاندانی هێمنانە و باوەڕی تەواوەتیم بەو ئازادییانە بەڵام نازانم هەردوو گروپی راچەنین و کۆمیتەی بەرگریی لە رۆژنامەنووسان مۆڵەتیان هەیە یان نا.

چونکە هەر کاتێك هەر گروپێك چالاکی ئەنجام بدات لە گۆرەپانی رۆشنبیریی و رۆژنامەنووسی کوردستاندا رەنگە دووچاری رووبەرووبوونەوە بێت لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندیدار، دیارە ئەگەر بەو شێوەیە چالاکی ئەنجام بدەن لەجیاتی کاریگەریی ئیجابی کارەکانیان بەسلبی دەشکێتەوە.

زامدار دەربارەی میساقی شەرەفی رۆژنامەنووسی کە گروپی راچەنین هەڵساوە بە ئامادەکردنی وتی: لێرە دەپرسم ئەم میساقی شەرەفە کێ

دەینووسێ و ئامادەی دەکات، خۆئەگەر سوێندی پیشەیی بێت نابێت لەرەوشت و ئەمانەتی رۆژنامەنووسی لابدەن و تەشهیر بکەن کە ئەو سێ بنەمایە لەهەموو دنیای رۆژنامەنووسی ئازاد دا رەچاو دەکرێ، کە بەبڕوای من ئەگەر بنەمایانە نەبن کاری رۆژنامەنووسی لەهەموو لایەکەوە بەرەو ئاژاوە دەچێت فەوزا دروست دەبێت لەهەموو ڕوویەکەوە.